Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# ڕۆڵی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە بازاڕسازی بۆ کاڵاو خزمەتگوزارییەکان

(توێژینەوەیەکی وەسفی ڕووپێویە)

**پەروا عمر محمود** بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان. عێراق.
**ئیمەیل:** perwa.umer@yahoo.com

**هەردەوان محمود کاکەشێخ** بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان. عێراق.
**ئیمەیل:** hardawan@su.edu.krd

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆڵی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە بازاڕسازی بۆ کاڵاو خزمەتگوزارییەکان لەڕێی سامپڵێک لە کارمەندی بازاڕسازیی کۆمپانیاکانی بواری بازاڕسازیی بۆ کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، توێژینەوەکە ئاماژە بە شێوازی بازاڕسازیی و تەکنیکە بەکارهاتووەکانی بواری بازاڕسازیی ئەلیکترۆنی دەدات و هەروەها زۆرترین ئامرازی بەکارهاتوو لە بواری بازاڕسازیدا لە هەرێمی کوردستان کامانەن دەستنیشان دەکات.

لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژەران پێی گەیشتوون، هونەری بازاڕسازی لە فۆرمەکانی میدیای نوێدا جیاوازە، ئەمەش بەهۆی سروشت و تەکنیکی فۆڕمەکانی میدیای نوێ و ژمارەی بەکارهێنانی لەلایەن بەشداربووەکانیەوە. بەپێی بۆچوونی زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە فەیسبووک لەپلەی یەکەمدا دێت لە پرۆسەی بازاڕسازی بۆ کاڵاوخزمەتگوزارییەکان ئەمەش پێدەچێت بەهۆی ئەوە بێت کەژمارەی بەکارهێنەرانی فەیسبووک لە هەموو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی زیاترەو هەروەها ئۆپشن و تەکنیکی بەکارهێنانی فەیسبووک ئاسانترە بۆ بازاڕسازی و تۆڕی کۆمەڵایەتی یوتیوب کەمترین بەکارهێنانی هەیە لەپرۆسەی بازاڕسازیدا ئەمەش ڕەنگە بەهۆی ئەوەوەبێت، کە ئامادەکردنی ڤیدیۆیەک بۆ پرۆسەی بازاڕسازی شارەزاییەکی زیاتری بوێت. لە ئەپڵیکەیشن چاتەکان ڤایبەر لە پلەی یەکەمدا دێت بۆ بازاڕسازی و تیلیگرام کەمترین بەکارهێنەری هەیە ئەمەش بەهۆی بەربڵاوی و ئاشنایەتی خەڵک بە ئەپی ڤایبەر، وایکردووە کە سامپڵی توێژینەوەکە پێیان وایە سەرکەوتووترە لەپرۆسەی بازاڕسازییداو ئەپی تیلیگرامیش بەهۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی کەمتر لە بەکارهێنەران پێی ئاشنان بەکاریدەهێنن بۆیە بەکارهێنانی زۆر

سەرکەوتوو نییە لەپرۆسەی بازاڕسازیدا. هەروەها سەبارەت بە ڕۆڵی فۆرمەکانی دیکەی میدیای نوێ وێبسایت بەپلەی یەکەم دێت و بلۆگ لە پلەی کۆتاییدا دێت چونکە بلۆگ لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە گرنگی پێنادرێت و خەڵک زانیاریان لەبارەیەوە نییە.

**کلیلە ووشەکان:** میدیای نوێ، ئامرازەکانی میدیای نوێ، بازاڕسازی، بازاڕسازی لە ئامرازەکانی میدیای نوێ، کاڵا، خزمەتگوزاری.

## پێشەکی :

ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە ئامراز و فۆرمەکانی میدیای نوێ و تەکنەلۆژیای زانیاریەکان لە بواری بازاڕسازیدا بینیویەتی و هۆکار و یارمەتیدەری زۆری کۆمپانیاکانی بواری بازاڕسازی بووە لە لەبرەودان بەکارەکانیاندا، ئاسانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بەگشتی ڕۆڵی لە بواری بازاڕسازی باشتروئاسانتر کرد و بەکاربەری ئۆنلاینیش ئەگەر سوودمەندی یەکەمین نەبێت ئەوا بێگومان سوودمەندییەکەی کەمتر نییە، چونکە بوو بە هۆکارێکی گرنگی کەمتر بە فیرۆدانی کات وبژاردەی زیاترو بەتێچوونی کەمتر لە گەیشتن بە کاڵا یان خزمەتگوزارییەک.

بۆیە توێژینەوەیەک لە بواری ڕۆڵی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە بازاڕسازی بۆ کاڵا و خزمەتگوزارییەکان پێویستیەکی تایبەتە لە بواری ڕاگەیاندن بۆ تێگەیشتن لە بارەی گرنگی و ڕۆڵی ئەم فۆرم و ئامرازانە لە بواری بازاڕسازیدا.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە بەشی یەکەم تایبەتە بە لایەنی میتۆدلۆجی و چوارچێوەی توێژینەوە کە کێشەی توێژینەوەو ئامانجی توێژینەوەو توێژینەوەوگرنگی توێژینەوە و پرسیارەکانی توێژینەوە کۆمەڵگا و سامپڵی توێژینەوە و جۆری ڕێبازی توێژینەوە و کەرستەکانی توێژینەوە و بوارەکانی توێژینەوە لەخۆ دەگرێت، بەشی دووەم تایبەتە بە لایەنی تیۆری توێژینەوەکەو کە لە سێ تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم تایبەتە بە باسکردنی فۆرمەکانی میدیای نوێ چەمک و پێناسەی و ئامرازەکانی میدیای نوێ تەوەری دووەم تایبەتە بە باسکردنی چەمک و پێناسەی بازاڕسازی و بازاڕسازی لە میدیای نوێ تایبەتمەندییەکانی تەوەری سێیەم تایبەتە بە باسکردنی بەکارخستنی فۆرمەکانی میدیای نوێ لە بازاڕسازی دا بەشی سێیەم تایبەتە بە ڕێککارە مەیدانییەکانی تویژینەوە کە پێکهاتووە لە پێوەری ڕاستی و ڕادەی جێگیری کەرستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە و هەروەها خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکان دواتر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوە خراونەتە ڕوو.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

## بەشی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوە

### ١. کێشەی توێژینەوە

زۆرجار پەی بردن بە کێشەیەک وا لەتوێژەر دەکات بە توێژینەوە هەوڵی گەڕان بەدوای هۆکارەکان و چارەسەری کێشەکە بدات، ئەگەر بەراوردێک بکەین لە نێوان توێژەر و لێکۆڵەری تاوانەکان ئەوا هەردووک بە دوای ڕاستیەکی شاراوەدا دەگەڕێن بۆیە ئەرکەکانیان لە یەکتر دەچن لە گەڕان و دۆزینەوەی کێشەیەکی دیاری کراو. (بدر، ٢٠١٤، ٦٢)

کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی لەگەڵ فەراهەمبوونی جۆرەها فۆرمی جیاواز لە فۆرم و ئامرازەکانی میدیای نوێ بەڵام وەک پێویست درک بە بەکارخستنی ئەم فۆرمە جیاوازانەی میدیای نوێ نەکراوە لە بازارسازی بۆ کاڵاو خزمەتگوزاریەکان لەهەرێمی کوردستاندا، هەروەها نەبوونی بەرچاوو ڕوونی پێویست بۆ ئەو فاکتەرانەی کە هاندەرن بۆ بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیایی نوێ لە بازارسازیدا.

### ٢. گرنگیی توێژینەوە:

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینینەوە:

١. لەڕووی تیۆری و زانستییەوە، بە ئەنجامدانی توێژینەوە بنەمای زانستی هەر بوارێک فراوانتر دەبێ.

٢. لەڕووی پراکتیکییەوە، یارمەتیدەرێکی باشە بۆ زانینی ڕۆڵی فۆرمەکانی میدیای نوێ لەپرۆسەی بازارسازی بۆ کاڵاوخزمەتگوزارییەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

٣. دیاریکردنی پەیوەندی نێوان هەردوو گۆڕاوی بنەڕەتی توێژینەوەکەیە لەلایەن سامپلی توێژینەوەکە.

### ٣. پرسیارەکانی توێژینەوە:

پرسیارەکانی توێژینەوە لایەنێکی گرنگە لە لایەنەکانی توێژینەوەی زانستی لە سەرجەم توێژینەوە زانستیەکاندا ،واتا پرسیارێکی سەرەکی هەیە پێویستی بە وەڵام و ڕوون کردنەوە هەیە. بە گشتی پرسیارەکانی توێژینەوە لەم خاڵانەی خوارەوە خۆی دەبینێتەوە:

١_ ئایا تا چ ڕادەیەک کارمەندەکانی بازارسازی کۆمپانیاکان شارەزایی و ئاشنایەتیان لە بەکارهێنانی ئامرازو فۆرمەکانی میدیایی نوێ هەیە لە بواری بازارسازیدا؟

٢_ ئایا ئامرازو فۆرمەکانی میدیای نوێ لەبارن بۆ بازارسازی کاڵاوخزمەتگوزارییەکان؟

٣_ ئایا کارمەندەکانی بازارسازی زۆرتر چ ئامرازو فۆرمێکی میدیای نوێ بەکاردەهێنن بۆ بازارسازی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان لەهەرێمی کوردستاندا؟


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

٤_ئەو هۆكارانە چین كە وادەكات كارمەندەكانی بازاڕسازی پەنا بۆ ئامرازو فۆرمەكانی میدیا نویَ ببەن لە پرۆسەی بازاڕسازی بۆ كاڵاوخزمەتگوزارییەكان لەهەرێمی كوردستاندا؟

## ٤. ئامانجەكانی توێژینەوە:

هەموو توێژینەوەیەك هەوڵی بەدیهێنانی چەند ئامانجێك دەدات و ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

أ–ناساندنی ئامرازو فۆرمەكانی میدیای نویَ.

ب–خستنەڕووی بایەخ و گرنگی ئامرازو فۆرمەكانی میدیای نویَ لەپرۆسەی بازاڕسازی بۆ كاڵاوخزمەتگوزارییەكان.

ج–ئاماژەدان بەو شێوازو ڕێگایانەی كە لەنێو ئامرازو فۆرمەكانی میدیای نوێدا بەكاردەبرێن بۆ پرۆسەی بازاڕسازی بۆ كاڵاوخزمەتگوزارییەكان لەهەرێمی كوردستاندا.

د. زانینی هۆكاری بەكارهێنانی ئامرازو فۆرمەكانی میدیایی نویَ لە پرۆســـــەی بازاڕســـــازیدا لەلایەن كارمەندی بازاڕسازی كۆمپانیاكانی بواری بازاڕسازی لە هەرێمی كوردستاندا.

هـ زانینی ئاســتی زانیاری و ئاشــنایەتی كارمەندانی بواری بازاڕســازی لە بەكارهێنانی وئامرازو فۆرمەكانی میدیای نویَ لە هەرێمی كوردستاندا.

## ٥.كۆمەڵگا و سامپڵی توێژینەوە:

كۆمەڵگەی توێژینەوە پێكدێت لەهەموو كۆمپانیاكانی بواری بازارسازی لەهەرێمی كوردستاندا لەسنوری پارێزگای هەولێر، ئەوانەی كە لە بەڕێوەبەرایەتی تۆماركردنی كۆمپانیاكان تۆماركراون وەكو كۆمپانیاكانی (mall,lucid,next fly,elegent,aposttroph, electronic دابین گروپ،دەلتا،.....هتد )سامپڵی توێژینەوەكەش پێكدێت لە(٢٠٠) كارمەندی بواری بازاڕسازی لە كۆمپانیاكانی بازارسازی لە سنوری پارێزگای هەولێر، كە بەشێوەی هەڕەمەكی سادەی مەبەستدار هەڵبژێردراون چونكە تاكەكانی سامپڵی توێژینەوەكە ژمارەیان كەم و هاوكوفن(متجانس)ن.

## ٦. دیاریكردنی چەمكە كلیلەكان:

**١.میدیای نویَ**:ڕێگایەكی نوێی گەیاندنە كە مرۆڤەكان لە سەرتاسەری دونیادا و لەهەموو بارودۆخە جیاوازەكاندا بەیەكەوە دەبەستێتەوە كە ئامانجی ئاسانكارییە لە پەیوەندیكردن و زیادكردنی كارلێككردن. (كاكەشێخ ،٢٠١٥، ١٣)

**٢.ئامرازەكانی میدیای نویَ**: مەبەست لێی فۆرمەكانی میدیای نوێیە كە بریتیە لە كۆمەڵێك ئەپڵیكەیشن و پلاتفۆرم و ئامرازی میدیایی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت كە ئامانجی پەیوەندی كردن و كۆمینیكەیشن و ئاسان كردنی كارلێكی و هاوكارییە لە نێوان بەشداربووەكانی وەكو پلاتفۆرمی تۆڕی كۆمەڵایەتی فەیس بووك و تویتەر و چات ئەپلیكەیشنەكانی هاوشێوەی سناپ چات و ڤایبەر و ...هتد (عبدالرحمن ،٢٠٠٩، 31)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

**٣.بازاڕسازی**:پرۆسەیەکی کارگێرییە بە مەبەستی دروست کردنی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ بەکاربەرەکاندا ئەویش لە ڕێگەی دابینکردنی پێداویستیەکانیان و خواستەکانیان لە کالا و خزمەتگوزاریەکان. (پ. سعید ،٢٠٢٠، ١٨)

**٤.بازاڕسازی لە ئامرازەکانی میدیا نوێ** : بریتییە لە کارگێری کارلێکی لە نێوان کۆمپانیا و بەکاربەر لە چوارچێوەی ژینگەیەکی گریمانەیی (إفتراضی) لە پێناو هێنانەدی ئاڵوگۆڕی هاوبەش و سوودی هاوبەش، پڕۆسەی بازاڕسازی تەنیا جەخت لەسەر کڕین و فرۆشتن ناکاتەوە بەڵکو جەخت لەسەر ئەپلیکەیشن و ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان و کارگێری پەیوەندیەکان لە نێوان کۆمپانیا و بەکارهێنەر و فەراهەم کردنی ژینگەیی بازاڕسازی ناوخۆیی یان دەرەکی فرۆشتن دەکاتەوە. (د. سعید ،٢٠٠٩، 439)

**٥.کالا** Goods: لە زانستی ئابووریدا ئاماژەیە بە پێداویستیە مرۆییەکان کە بەکاربەر هەڵدەستێ بە کڕینی وەک چۆن ئاشکرایە کالا هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە توانای دەستلێدانیان هەیە بەو واتایەی بەرجەستەن و خزمەتگوزاری ئاماژەیە بە پێشکەشکردنی سوودێک کە بەرجەستە نین (توانای دەستلێدانیان نیە)

**٦.خزمەتگوزاری** Service : بازاڕسازی خزمەتگوزاری لە ئێستادا گرنگیەکەی زیادی کردووە کە بەگشتی بریتیە لە کۆمەڵێک سوودی ماددی و دەروونی کە تاک پێی دەگات بۆ پڕ کردنەوەی پێداویستیەکانی، خزمەتگوزاری بەگشتی ناساندن و دیاری کردنی گرانە چونکە گرنگیەکەی لە کاتی کڕین و بەکارهێنانی دەردەکەوێت و سیفەتی خاوەندارییەیتی هەیە نە دەگوازرێتەوە بۆ کەسێکی تر نە دەکرێت دووبارە بەکاربهێنرێتەوە. (وردە، 2016، 21)

## بەشی دووەم: فۆرمەکانی میدیای نوێ و بازاڕسازی لە میدیای نوێدا

### تەوەری یەکەم: میدیای نوێ و تایبەتمەندییەکانی

**یەکەم:میدیای نوێ** (New media)

چەمکی میدیای نوێ بەکاردێت بۆ ئاماژە کردن بەو ژینگە میدیاییەی کە تێکەڵەیەکە لە نێوان میدیای کلاسیکی تەلەفزیۆن و رادیۆ و ڕۆژنامە لە لایەک و میدیایی ژمارەیی لە لایەکی تر بەتایبەت میدیای کارلێکی و میدیای کۆمەلایەتی .

میدیای نوێ بریتیە لە کۆمەڵێک ئەپلیکەیشن و پلاتفۆرم و ئامرازی میدیایی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت کە ئامانجی ئاسان کردنی کارلێکی و هاوکارییە بۆ بیناکردنی پێکهاتەکان و بەشداری پێکردن. (ایمان، 2009، 33)

میدیای نوێ لە ڕووی پراکتیکیەوە بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت :بریتیە لە کۆمەڵێک بەرنامەی ژمارەیی خێرایی کە لەڕێگای خزمەتگوزاریەکانی ئینتەرنێت کاردەکەن،بەو هۆیەوە پێشکەوتنە تەکنەلۆژیەکان و ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن ئاوێتە بوون و لە ڕووپەڕێکدا کۆبوونەوە بۆ پێشکەش کردنی کۆمەڵێک پەیامی میدیایی. (حورە، 2015، 14-15).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

## دووەم:تایبەتمەندییەکانی میدیای نوێ:

١_ کارلێککردن:یەکێکە لەو خاسیەتە گرنگانەی لە ئامرازەکانی میدیای نوێ وەکو زۆرێک لە چەمکەکانی تری میدیای ژمارەیی زەحمەتە ئەم چەمکە لە یەک ڕوانگەیەوە سەیر بکرێت، چەمکی کارلێککردن ئەوەیە کە ئەم چەمکە بە دوو واتای جیاواز دەناسێنرێت پسپۆڕانی بواری زانستی کۆمپیوتەر وای دادەنێن کە چەمکی کارلێککردن بە مانای کارلێکی نێوان بەکارهێنەر و کۆمپیوتەر دێت،بەڵام پسپۆڕانی بواری پەیوەندیکردن پێیان وایە کارلێککردن بریتیە لە پرۆسەی پەیوەندی کردنی نێوان مرۆڤەکان.

٢_ئێستایی بوون:میدیای نوێ ڕۆژنامەنووسانی ناچار کرد بەردەوام لەسەر هێڵەکانی ئینتەرنێت بن بەدواداچوون بۆ ڕووداو و پێشهاتەکان بکەن ئەمەش پرۆسەی نوێکردنەوەی زانیاریەکانی خێرا و ئاسانتر کرد.

٣_ ئاوێتەبوونی ئامرازەکان:لە ئامرازەکانی میدیایی نوێدا هەموو کەرستەکانی پەیوەندییکردن بەشدارن وەکو دەق و دەنگ و وێنە و وێنەی جوڵاو.

٤_جیهانی بوون:ژینگەی ئامرازەکانی میدیای نوێ ژینگەیەکی جیهانیە و هەموو سنورە کاتی و شوێنیەکانی بڕی.

٥_جوڵە و ئاسانی گواستنەوە:دەکرێ بەکارهێنەر یاخود بەرهەمێنەری پایەمەکانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لەگەڵ خۆیدا بگوازرێتەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر وەکو کۆمپیوتەر و کامێرا و مۆبایل و ئامێرە ئینتەرنێتیەکان.

٦_ ئاسانکاری بەرهەمهێنان:ئامرازەکانی میدیای نوێ لە سایەی شۆڕشی زانیاریەکان توانی ئاسانکاری زۆری بەرهەمهێنان بکات لە ڕێگای ئامرازەکانی وەکو مۆبایل کەبەرهەمهێنەر پەیامێکی میدیای پێ بگات لە هەر کات و بارودۆخێکدا بێت.

٧_دروستکردنی ڕای گشتی:میدیای نوێ توانی ڕۆڵ بگێڕێت و ئامانج بپێکێت لە دروست کردنی ڕایەکی سیاسی،ئابوری و کۆمەڵایەتیش کە هەموو کەس بێ ترس و بێ بوونی هیچ بەربەستێک دەتوانێ ڕای خۆی دەرببڕێت.

٨_میدیای نوێ توانی پێشبڕکێی میدیای کلاسیکی بکات لە ڕۆڵی وێنە، لە میدیای نوێ کە تەنیا وێنەیەک ڕای هەزاران خەڵک وەربگرێ.

٩_ناجەماوەری بوون:ئامرازەکانی میدیای نوێ دەتوانێت پەیامەکانی ئاڕاستەی تاک یان کۆمەڵێک بکات بە پێچەوانەی میدیای باو کە پەیامەکانی ئاڕاستەی جەماوەرێکی فراوان دەکات. (الرفاعی، ٢٠١١، ٧١١-٧١٢).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

## تەوەری دووەم: بازاڕسازی و بەکارخستنی فۆرمەکانی میدیای نوێ لە پرۆسەی بازاڕسازیدا

### یەکەم: چەمک و پێناسەی بازاڕسازی و بازاڕسازی ئەلیکترۆنی

کۆمەڵەی ئەمریکی بازاڕسازی لە ساڵی ١٩٩٥ بەم جۆرە پرۆسەی بازاڕسازی دەناسێنێت بەوەی چالاکیەکی کارە، کاڵا و خزمەتگوزاری ئاڕاستە دەکات لە شوێنی بەرهەمهێنانی بۆ بەکارهێنەران و کارپێکراوان. (د حمید طائي ،٢٠٠٥، ٧)

دواترکۆمەڵەی ئەمریکی لە ساڵی 2003 پێناسەیەکی نوێی بۆ بازاڕسازی دارشت بەوەی کە بازاڕسازی بریتیە لە پرۆسەی پلاندانان و جێبەجێکردن و بەرەوپێشبردن و بڵاوکردنەوە و دابەشکردنی کاڵاو و خزمەتگوزاریەکان بۆ دروستکردنی پرۆسەی ئاڵوگۆڕی و تێرکردنی پێداویستی تاک و دامەزراوەکان. (نوال، 2016-2017، ٩)

بازاڕسازی لە میدیای نوێ هەندێک جاریش دەکرێ چەمکی بازاڕسازی ئەلیکترۆنی یاخود بازاڕسازی دیجیتاڵیشی بۆ بەکاربهێنرێت. بازاڕسازی ئەلیکترۆنی:بریتییە لە کارگێری کارلێکی لە نێوان کۆمپانیا و بەکاربەر لە چوارچێوەی ژینگەیەکی گریمانەیی (إفتراضی) لە پێناو هێنانەدی ئاڵوگۆڕی هاوبەش و سوودی هاوبەش، پرۆسەی بازاڕسازی تەنیا جەخت لەسەر کڕین و فرۆشتن ناکاتەوە بەڵکو جەخت لەسەر ئەپڵیکەیشن و ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان و کارگێری پەیوەندیەکان لە نێوان کۆمپانیا و بەکارهێنەر و فەراهەم کردنی ژینگەیی بازاڕسازی ناوخۆیی یان دەرەکی فرۆشتن دەکاتەوە. (سعيد، 2009، ٤٣٩).

### دووەم: بازاڕسازی لە میدیای نوێدا و جۆرەکانی

بەشێوەکی گشتی شێوازەکانی بازاڕسازی لە میدیای نوێدا بەمشێوەیە پۆلێن دەکرێت:

١. پارەدان بە کلیک (Pay per click (PPC: ئەم جۆرەی ڕیکلام دەگرێتەوە کەلەسەر ویبسایتێک پێشاندەدرێت لەگەڵ هەر کلیک کردنێک لەسەر ئەم ڕیکلامە ویبسایتەکە بڕێک پارە وەردەگرێت ،ئەم ڕیکلامانەی کە لەسەر ئەم وێبسایتانە دەردەکەون بە یەکجار پارەکەی نەدراوە بەڵکو لەگەڵ هەر کلیک کردنێک لەسەر ئەم ڕیکلامە پارە دەچێتە سەر حسابی خاوەنی ئەم وێبسایتانە بە گوێرەی ڕێککەوتن لەگەڵ خاوەنی وێبسایت یان کۆمپانیای سەر بە وێبساتانە کە دیاریان کردوە Price per click PPCجیاوازە لە بڕی ئەو پارەیەی میدیایەکی تەقلیدی بۆ ڕیکلامێک دیاری دەکات کە پارەکە بە تەنیا نیشاندانی ڕیکلامەکە حساب دەکرێت Pay per impression PPI ئەم وێبسایتانەی ڕیکلامی PPC بەکاردێنن ئەوا ڕیکلامەکەیان پێشان دەدرێت بە تەنیا نووسینی کلیلە ووشەی گەڕان لە ناو ڕیکلامەکە keyword query لەگەڵ لیستی ووشەکان لە لیستی پیشاندراوان advertising keyword list یاخود گەڕان لە پێکهاتەی بابەتەکە دەکرێت، هەندێک جاریش ئەم ڕیکلامانە لە ڕێگای سپۆنسەرکردنی لینکی ڕێکلامەکەوە دەکرێت sponsored linkیان سپۆنسەری ڕیکلامەکە خۆی دەکرێت لە لایەک یان لە سەرەوەی وێبسایەتەکە دەردەکەوێت بەگوێرەی ئەو کەسەی کە داڕێژەری وێبسایتەکەیە web developer


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

دیاری دەکات لە کوێدا دەربکەوێت سێ وێبسایتی سەرەکی هەن کە جۆری بازارسازی ppc بەکاردێنن ئەوانی Google adwords ,Microsoft Adcenter ,Yahoo search marketing . (بطوط ،٢٠١٢، ٢٨١)

٢.ڕێکخستنی چالاکی گەڕان Search engine Optimization SEO:

بریتیە لە پڕۆسەی ڕێکخستن و ریزبەندکردن لە ئەنجامی گەڕان لە وێبسایت ئەلیکترۆنیەکان، ئەم پرۆسەیە و دەرکەوتنی بێ بەرامبەرە لە وێبسایتی نیشاندان، بەو مانایەی کە لەگەڵ کردنەوەی وێبسایتکە لە سەرەوەی وێبسایتکە یاخود لە لایەکی دەردەکەوێت ، ئەمەش چانسێکە بۆ گەیشتن بەو کەسانەی کە گەڕان دەکەن یان بەکارهێنەری وێبسایتەکانن. (J. Hardwick ،2020)

٣. بازاڕسازی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان Social Media Marketing SSM

هەندێک جاریش پێی دەگوترێت Social media Optimization SMO

بە مانای بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دێت بەمەبەستی بازاڕسازی کۆمپانیاکان و دامەزراوەکان هەڵدەستن بە ڕیکلام کردن لە یەکێک لە ئامرازەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بۆ نمونە کۆمپانیا گەشت و گوزاریەکان هەڵدەستێ بە ڕیکلام کردن بۆ ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشی دەکات، بازاڕسازی لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بەشێوەیەکی گشتی پێویستی بە پلانێکی تۆکمە،ڕیکلام،بازاڕسازی ڕاستەوخۆ،تەرویجدان، پەیوەندیە گشتیەکان فرۆشتن هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجی دامەزراوە

ستراتیژیەتی کارکردن لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بۆ بازاڕسازی بریتیە لە کارکردن لەسەر ناوەڕۆکی پەیامەکان Content message کە کاردەکات بۆ ڕاکێشانی سەرەنجی بەکاربەر و جوڵاندنی حەزی بەکاربەر و دووبارە شەیر کردنەوە، ئامانجی پەیامی بازاڕسازی ئەوەیە کاردانەوە دروست بکات لەلایەن وەرگر بۆ گۆڕینی هەڵسوکەوتی کڕین و بەدەست هێنانی متمانەی کڕیار و هەروەها بوونی چالاکی کارا و ببێتە جێگای باس و خواسی خەلک Word of mouth adverting. (بطوطی، 2012، ٣٨٢)

٤. بازاڕسازی لە ڕێگای ئیمێڵ E-mail Marketing : وا دادەنرێت بازاڕسازی لە ڕێگای ئیمێڵ یەکێکە لە گرنگترین ئامرازە پەیوەندییەکان لەڕێگای تۆڕی ئینتەرنێت بەگوێرەی سەرژمێری وێبسایتی mosnable ڕۆژانە ١٤٤.٨ پەیام دەنێردرێت لە ڕێگای ئیمێڵەوە لە سەرتاسەری جیهاندا.

لەم جۆرەدا بە بەراورد بە جۆرەکانی تری بازاڕسازی زۆر فراوان نیە،بەڵام چەند سیفەتێکی گرنگی تێدایە لەوانە بەرهەمهێنەران دەتوانن سوود لەم تایبەتمەندیە وەرگرن و پەیامێکی فراون و پڕ وردەکاری و بەبەردەوامی بۆ بەکاربەران بنێرن، بۆ تەرویج دان بە کاڵا و ناساندنی کۆمپانیاکانیش.(matisse 2019)

٥. بازاڕسازی ناوەڕۆک Content Marketing

بازاڕسازی ناوەڕۆک بە یەکێک لە جۆرە سەرکەوتوەکانی بازاڕسازی ئەلیکترۆنیدادەنرێت بۆ گەیشتن بە باشترین ئەنجام ،ناوەڕۆک هەموو کات موڵکی وێبسایتیە بۆیە ئازادانە بیرۆکە و بابەتە بازاڕسازیەکان بۆ بەکاربەران دەنێرێت ، پێویستی بە هەوڵدانی زۆر نیە بۆ گەیشتن بە ئامانج. (محمود، 2019)

٦. بازاڕسازی لەسەر شاشە پیشاندراوەکان Display Marketing


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

ئەم جۆرەی بازاڕسازی بریتیە لەو ڕیکلامانەی کەلەسەر شاشەی شەقام و وێبسایت ئەلیکترۆنیەکان و گۆڤار و ڕۆژنامە ئەلیکترۆنیەکان پێشاندەدرێت، دەکرێت ئەم جۆرەی ڕیکلام لە لایەکی وێبسایتیەکی هەواڵی یاخود وێبسایتیەکی وەرزشی پێشان بدرێت، ئەم جۆرەی بازاڕسازی پێشکەوتنی زۆری بەخۆوە بینیوە دەکرێت تەرویج بە بابەتێکی تایبەت بدەی بۆ نموونە بۆ (ترويج)برەودان بە پێڵاوێکی وەرزشی دەکرێت ڕیکلامی پێڵاوەکە لە وێبسایتیەکی وەرزشی دابنێیت هەموو ئەو کەسانەی گرنگی بە وەرزش دەدەن و سەردانی وێبسایت وەرزشیەکە دەکەن ڕیکلامەکە دەبینن. (م. شبل ،٢٠٢٠)

٧.بازاڕسازی لە ڕێگای ڕیکلامی پارەیی Paid Advertising Marketing

ئەم جۆرەیان ئەم ڕیکلامانە دەگرێتەوە کە لەکاتی گەڕان لە وێبسایتیەک یان لاپەڕەیەک لە لایەکی دەردەکەون ، ئەم جۆرەیان جەخت دەکاتەوە لەسەر بەکارهێنانی ئەو کلیلە ووشانەی کە لە ڕیکلامەکاندا بەکاردرهێنرێت، ئەمانەی خوارەوە چەند تایبەتمەندیەکی ئەم جۆرەی بازاڕسازین:

- ئەنجامی خێرا
- دەستگرتن بە میزانیەی کۆمپانیا لە کاتی فرۆشتنی بەرهەم چونکە تەنیا ئەو کاتە پارە بە وێبسایتکە دەدرێت کاتێک کەسێک کلیک لەسەر ڕیکلامەکە دەکات (شوا، 2020)

٨. بازاڕسازی لە ڕێگای مۆبایل Mobile Marketing

ئەم جۆرەیان جەخت لەسەر گەیشتن بە جەماوەری ئامانجدار دەکاتەوە بۆ گەیشتن پێیان لە ڕێگای مۆبایلە زیرەکەکان یاخود ئایپاد، بازاڕسازی لەم جۆرەیان لە ڕێگای کورتە نامە یان پەیامی ئەلیکترۆنی دەگات بە بەکاربەران و هەموو ووردەکاریەکانیان سەبارەت بە کاڵاکە پێ دەگات.

بە تێڕوانینی کۆتلر بازاڕسازی ئەلیکترۆنی دابەش دەبێ بۆ سێ جۆری سەرەکی:

١.بازاڕسازی دەرەکی External Marketing :ئەم جۆرەیان بەستراوەتەوە بە بنەما تەقلیدییەکانی بازاڕسازی وەکو بەرهەم،نرخ،دابەشکردن،ترويج.

٢. بازاڕسازی ناوخۆیی Internal Marketing : ئەم جۆرەیان بەستراوەتەوە بە کارمەندانی ناو دامەزراوە، ئەمەش ئاماژەیە بە گرنگی پەیڕەوکردنی سیاسەتەکانی دامەزراوە لەلایەن کارمەندانەوە، وە دروستکردنی پەیوەندیەکی باش لە نێوان کارمەندان و کارکردنیان وەکو یەک گروپ و بۆ پڕکردنەوەی داواکاری بەکاربەران و دابەشکردنی کارەکان بەسەر هەموو تاکەکان لە دامەزراوە وە هیچ بەشێکی تایبەت نەبێت بە پەیڕەوکردنی کاری بازاڕی تەقلیدی.

٣. بازاڕسازی تێکەڵ Interactive Marketing : ئەم جۆرەیان بەشێوەیەکی گشتی سەرەکی جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان کڕیار و فرۆشیار دەکاتەوە. (الصغير ،٢٠١٤، ٢٤١)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

**هەروەها بازاڕسازی لە میدیای نوێدا لە ڕەهەندی تێچوونەوە(Cost) چەند جۆرێکە:**

١. CPA, cost per action: مەبەست لەم جۆرەیان ئەوەیان ئەو لایەنەی کە ریکلامی بۆ دەکرێت پارەدەدات لەسەر بنەمای ژمارەی بەکارهێنەران واتا ئەوانەی کە وێبسایتکە بەکاردەهێنن جا بە کلیک کردن لەسەر لینکی کالآ یان کڕینی کالاکە بە ڕاستەوخۆیی نەک تەنها سەیرکردنی.

٢. CPO, cost per order: ئەم جۆرەیان هاوشێوەی جۆری پێشووە کە جەخت لەسەر پارەدان دەکاتەوە لە هەموو کاتێک لە کاتی داواکردنی کالاّ یان خزمەتگوزارییەکی دیاریکراو.

٣. CPC, cost per click: ئەم جۆرەیان ئەو ریکلامانە دەگرێتەوە کە بە مەبەست دانراون لە وێبسایتیەکدا، بەو مانایەی کە لە بەرامبەریدا پارە وەرناگیرێت تەنیا بە مەبەستی دانانی ئەم ڕیکلامە لەم پێگانە یاخود ژمارەی کلیک لەسەری و کڕینی کالآکە مەبەستی ئەم جۆرەی ریکلام نیە بەلکو مەبەستی سەرەکی پارەدانی ئەو لایەنەی کە دەیەوێت ریکلامی بۆ بکرێت ئەوەیە کە ریکلامەکەی لە جێگا و وێبسایتی گونجاو دابنرێت نەک بەشێوەیەکی هەرەمەکی.

٤. Cost per thousand: ئەم جۆرەیان زۆرترین بەبلآوی هەیە لە بواری بازرگانی، کە هاوشێوەی ریکلامی کلاسیکە کە لایەنی ریکلامکەر لەسەر ژمارەی دابەشکردنی رۆژنامەکە کاردەکات و لەم جۆرەشدا ئەو لایەنەی دەیەوێت ریکلامی بۆ بکرێت پارە دەدات بۆ ریکلامەکە بەرامبەر زۆری ژمارەی سەردانکەرانی وێبسایتکە،ئەم جۆرەیان لە وێبسایت بەناوبانگەکان دەکرێت کە ژمارەیەکی زۆری سەردانیکەریان هەیە.

**تەوەری سێیەم: بەکارخستنی فۆڕمەکانی میدیای نوێ لە بازاڕسازیدا:**

بە پێی سروشتی فۆرمەکانی میدیای نوێ شێوازی بازاڕسازی بۆ کالآو خزمەتگوزارییەکان و حەزی بەکارهێنەر دەگۆڕێت، بە واتایەکی تر دەکرێت لەسەر بنەمای شێوازی مامەڵە کردنی بەشداربووەکانی هەر پلاتفۆڕمێکی میدیای نوێ شێوازی بازاڕسازییەکەش دیاری بکرێت، لێرەدا ئاماژە بە نمونەیەکی سادە دەکەین کە ئەوە ڕووندەکاتەوە کە شێوازی بازاڕسازی هەر یەک لەم پلاتفۆڕمانە جیاوازە لەوی دیکەیان


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

وێنەی (١)

شێوازو تەکنیکی بەکارهاتوو لەپرۆسەی بازاڕسازیدا بەپێی سروشت و تایبەتمەندی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان




لە وێنەی (1) وەک نمونەیەک ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە شێوازو تەکنیکی بەکارهاتوو لەپرۆسەی بازاڕسازیدا بەپێی سروشت و تایبەتمەندی فۆرمە جیاوازەکانی پلاتفۆرمەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان جیاوازەو گرنگە کارمەندی بازاڕسازیی ئاگایی و ئاشنایەتی بە سروشت و تایبەتمەندی هەریەکێک لەو پلاتفۆرمانەی میدیای نوێ هەبێت و بەهەندوەرگرتنی حەزی شێوازی سەرنجڕاکێشانی بەکارهێنەرانی ئەم پلاتفۆرمانەش هۆکارێکیترن بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی بازاڕسازییەکە.

بەشێوەکی گشتی دەتوانین ئامرازو فۆرمەکانی میدیای نوێ بەتایبەت ئەوانەی کە لە پرۆسەی بازاڕسازیدا بەکاردەبرێن بەمشێوەی خوارەوە پۆلێن بکەن:

## یەکەم: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

١. **فەیسبووک** Facebook:هەندێک سیفەتی هەیە کە بازاڕسازی تێیدا ئاسانە لەوانە:

أ. زۆری ژمارەی بەکارهێنەران و بەشداربووان لە هەردوو ڕەگەزدا بە یەکسانی و ئەم خاسیەتەش وای کردووە فەیسبووک بۆ بازاڕسازی لە هەموو بوار و شتێکدا سەرکەوتوو بێت.

ب. دروست کردنی ژمارەیەکی زۆری گروپ لە بوارێکی تایبەتدا

ج. دابەزاندنی ڤیدیۆ و وێنە بە ئاسانی

د . ئاسانی شێوازی پەیوەندی کردنی دەنگی و ڤیدیۆیی

ه . ئاسانی ناو تۆمارکردن لە هەندێک ئامرازی تری لکاو بە فەیسبووک وەک ماسنجەر،ئینستاگرام........هتد)

و. ئاسانکاری لە ناسینەوە بۆ نمونە ئەکاونتی کەسی پێی دەگوترێت (Account) و ئەکاونتی گشتی بۆ بوارێک بۆ نمونە کۆمپانیا یان دامەزراوەیەک یان ئەستێرەیەکی بواری هونەری و سینەما پێی دەگوترێت (لاپەرە page)

ز. بە ئامانجکردنی ڕیکلام بە پێی (ناوچەی جوگرافی،تایبەتمەندی دیمۆگرافی، سلوکی کڕین یان بازاڕسازی بۆ ئۆتۆمۆبێل یان مۆبایلێک ، پەیوەندی کردن)

ح. دیزاین کردنی وێنەی تایبەت بە کۆمپانیا و دانانی لە کەڤەردا و ناسینەوەی بە ئاسانی.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

ک. میکانیزمی بەشدارییپێکردن دەبێتە زیاتر بڵاوبوونەو و زیاتر بینینی لە لایەن بەکارهێنەران ئەمەش سوودی زۆرە بۆ کۆمپانیاکان و بەکاربەرانیش بۆ گەیشتن بە کۆمپانیای خوزراو.

شێوازی دانانی لاپەڕەیەکی تایبەت بە کۆمپانیا لە فەیسبووکدا هۆکارێکیشە بۆ سەرکەوتنی بازارسازی کۆمپانیاکە لەوانە:

١. دانانی ناوی پەیوەست بە چالاکی کۆمپانیاکە بۆ ئاسانتر ناسینەوەی.
٢. دانانی دوو وێنە یەکێکیان بۆ پرۆفایل وا باشترە وێنەی هێمایی تایبەت بە کۆمپانیاکە بێت، دووەمیان وێنەی ناو هەڵمەتێکی کۆمپانیا یان بینای کۆمپانیا یاخود کاڵاکان بۆ کەڤەری لاپەڕەکە.
٣. نووسینی چەند دێڕێکی گونجاو لە بایۆدا بۆ ڕاکێشانی بەکارهێنەر بۆ ناو لاپەڕەکە و ڕاستی و درروستی لە زانیاریەکان.
٤. پێویستە لاپەڕەکە دەوڵەمەند بێت بە زانیاری و نوێکاری تێدا بێت لەبارەی چالاکیەکانی کۆمپانیا.
٥. وەڵام دانەوەی کۆمێنتی بەکارهێنەران.
٦. دانانی بۆنەکان (Events)
٧. لکاندنی ئەپڵیکەیشنی ماسنجەر بە لاپەڕەکە بۆ پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ بەکارهێنەران و تێبینی کردنی دووبارە بوونەوەی پرسیارەکانیان.
٨. کاراکردنی ڕێژەی داتای بینینی پۆستەکان بۆ دڵنیا بوونەوە لە ژمارەی سەردانکەرانی لاپەڕە.
٩. بانگهێشتکردنی دۆست و هاوڕێیان بۆ لایک کردنی لاپەڕەکە و لایک کردنی.
١٠. دانانی لینکی ئیمەیڵ یان ئەکاونتی تر بۆ ئەوەی بەکارهێنەران لە ئەکاونتی تریش ئاگاداری چالاکیەکانی کۆمپانیا بن.

فەیسبووک شەش ئامانجی ستراتیجی بازاڕسازی ساڵانەی دیاری هەیە بۆ چالاکیە بازرگانیەکان که ئەمانەن:

١. بەهێز کردن و برەودان و زیادکردن بۆ ناوە بازرگانیەکەت (علامه التجاریه، Brand Awareness)

٢- زیادکردنی ژمارەی سەردانیکەرانی ویبسایت ئەلیکترۆنیەکەت Traffic

٣.کۆکردنەوەی کارکەران Leads

٤. زیادکردنی ڕێژەی وێبسایتکەت Conversions

٥. زیادکردنی ڕێژەی فرۆشتن Sales

٦. تێکەڵی لەگەڵ کارکەران و کارگێری پەیوەندی کارکەران CRM (عوض، ٢٠٢٠)

٢. **تویتەرTwitter** :هەندێک سیفەتی بازاڕسازی هەیە جێگای بایەخی بەکارهێنەرانە لەوانە:

- -خوێندنەوەی هەواڵی بەپەلە
- -زانینیی بیرۆکە و کاری کەسەکان
- -زانینی ئەو دەنگدانەوانەی کە میدیا دروستی کردوە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

هەندێک هەنگاو هەن کە هاوکارن لە سەرکەوتنی پرۆسەی بازاڕسازی لە تویتەردا کە ئەمانەن:

١. گەڕان بە دوای کەسانێک کە پێویستیان بە کاڵاکەتە لە تویتەردا دەتوانی گەڕان بکەیت بە ووشەیەک کە زۆرترین خەلک بەکاریدەهێنن بۆ نمونە ئەگەر کۆمپانیاکەت کۆمپانیای کەل و پەلی کارەبایی بێت ئەوا بەکارهێنەر بە تەنیا نووسینی #پێویستم بە غەسالەیەکی-باشە ئەوا دەتوانرێت وەڵامی بەکارهێنەر بدرێتەوە بە پێدانی زانیاری دەربارەی غەسالە و تایبەتمەندییەکانی و ناوی کۆمپانیا ئەمە وا دەکات کە بەکاربەر بزنێت ئەتۆ بایەخی پێدەدەیت و دێتە ناو لاپەڕەی تویتەری کۆمپانیاکە و جا یان Followدەکات یان بە Client دەمێنێتەوە.

٢- پێویستە ببیت بە بەشێک لە گرنگیپێدانەکانی جەماوەر واتا پێویستە کۆمپانیاکە بە دوای زۆرترین تویتی بەکارهێنەران بگەڕێت کە زۆرترینیان هاشتاگیان لەبارەی چیە؟

ئینجا کۆمپانیاکە هاشتاگێک بۆ خۆی دروست بکات بۆ نمونە ئەگەر زۆرترین هاشتاگیان لەسەر ئەوە بوو #مانای-بەختەوەری-چیە هاشتاگی کۆمپانیاکەت وا باشە ببێت بە #مانای-بەختەوەری-لە-کاڵاکانی ئێمەیە

٣. بەکارهێنانی تەکنیکی ڕیکلامی هەرزان : بەم دواییانە تەکنیکێکی نوێ و بەسود بۆ کۆمپانیاکان هاتە کایەوە بریتیە لە تەکنیکی Twitter ads کۆمپانیا پارە دەدات بە کەسە بەناوبەنگەکان ئەوانەی خاوەنی هەواداری زۆرن بەوەی کە ناوی کۆمپانیاکەت بهێنن یان باس لە باشی بەرهەمەکانی کۆمپانیاکە بکەن.

٤.ئەنجامدانی پێشبڕکێ لە تویتەردا: بۆ نمونە کۆمپانیا لە تویتێکدا پێشبرکێیەک ڕابگەیەنێت Twitterبکەن بۆ پۆستێکی کۆمپانیا کامەیان زۆرترین هەوادایان هەیە ئەو دەبێتە خاوەن دیاریەک لەلایەن کۆمپانیا.

٥.دروستکردنی پشێوی :بەو مانایەی کە کۆمپانیا داوا لە بەکارهێنەران بکات کەبە دوای هەرزانترین کاڵا دا بگەڕێت کە لە ناو وێبسایتی کۆمپانیاکەدا هەیە و دووبارە پۆستی بکات دەبێتە خاوەنی دیاریەک، ئەمە وا دەکات کە بەکارهێنەران بینەری هەموو لاپەرە و پۆست و وێبسایتی ناو کۆمپانیاکە بن.

٣. **لینکدئینLinkedIn**: تۆڕێکی کۆمەڵایەتیە و جەخت لەسەر چالاکیە بازرگانیەکان دەکاتەوە کۆمەڵێک تایبەتمەندی بازرگانی هەیە لەوانە:

أ.دروستکردنی پەیوەندی بازرگانی لە نێوان کۆمپانیاکان بە گوێرەی (شیوازی کار،قەبارەی کۆمپانیا،ئاستی کارکردن).

ب.نوێکردنەوە و برەودان بۆ سەرنجراکێشانی بەکاربەری نوێ.

ج. ڕیکلامی دەقی و وێنەیی.

٤.**ئیسنتاگرام Instagram**: تۆڕێکی کۆمەڵایەتیە و جەخت لە سەر دانانی وێنە و ڤیدیۆ و لایڤ و ستۆری دەکاتەوە و هەندێک سیفاتی بازاڕسازی هەیە کە هانی بەکارهێنەرانی فۆڕمەکە دەدات بۆ بازاڕسازی تێیدا لەوانە:

- بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆ وەک چالاکیەکی کۆمەڵایەتی.

- دانانی لۆکەیشن لە سەرەوەی پۆستدا سوودی زیاتر بە کۆمپانیاکان دەگەیەنێت چونکە پێویستی بە پرسینی زانیاری شوێنی کالا یان کۆمپانیاکە ناکات لە لایەن بەکاربەرانەوە.

- بەکارهێنانی هاشتاگ بۆ کاڵا یان خزمەتگوزاریەکی کۆمپانیایەک لە ١٠ کۆمپانیا ٧ کۆمپانیا هاشتاگی تایبەت بە خۆی بەکاردەهێنێت بۆ بەرهەماکانی.

– بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆ وەک چالاکیەکی کۆمەڵایەتی.

– جیاکردنەوەی پۆستەکان لە کاتی پرۆسەی گەڕان دا بۆ چەند بەشێک لەوانە (IGTV,Shop,Travel,Architecture,Décor,Art,Food,Style,Tv.Movies,DIY0,Music,Sports,Beauty) ئەمانە تایبەتمەندیەکی تایبەتن بە ئینستاگرام کە هاوکاری بەکارهێنەر دەکات لە کاتی گەڕاندا. (اکادیمی ،٢٠٢٠)

بەسەرنجدان و تێبینی کردنی توێژەر و بە گوێرەی داتاکانیش دەرکەوتووە کە زۆرترینی بەکارهێنەرانی ئینستاگرام لە ڕەگەزی مێدان لە نێوان تەمەنەکانی (١٨ تا ٢٩) دان بۆیەش ئینستاگرام بۆ بازاڕسازی بەرهەم و کاڵا ی ئافرەتانە سەرکەوتووترە بە گوێرەی ڕاپۆرتی وصول اکادیمیە الدیجیتال ئەوە پشت ڕاستکراوەتەوە. (اکادیمی ،٢٠٢٠)

٥. **یوتیوبTwitter**: تۆڕێکی کۆمەڵایەتیە و جەخت لەسەر دانانی ڤیدیۆ دەکاتەوە چەند سیفەتێکی هەیە کە یارمەتیدەرن بۆ ئاسانکاری لە پرۆسەی بازاڕسازیدا لەوانە :

- . هەڵێکە بۆ کۆمپانیاکان کە (علامە التجاری) ناوێکی بازرگانی دابنێن و گەشەی پێبدەن لە ڕێگای زیادکردنی ژمارەی بەکارهێنەران.
- – دانانی ڕیکلامی ڤیدیۆی کورت و ناچارکردنی بەکارهێنەر بە سەیرکردنی ڕیکلامەکە تا کۆتایی و دواتر (skip) کردنی.
- – دانانی هەندێک کەناڵی بە سوود بۆ سەردانیکەران لە لای ڕاستی ڕووپەری یوتیوبدا.
- – دانانی ووشە بۆ گەڕان بەو واتایەی بە نووسینی تەنیا ووشەیەک پرۆسەی گەڕانەکە سەرکەوتوو دەبێت.
- – دانانی تاگ بۆ پارچە ڤیدیۆیەک وا دەکات ئەم ڤیدیۆیە ببێت بە ووشە کلیکی گەڕان دەرکەوتنی لە لاپەڕەی یەکەمدا.

## دووەم: ئەپڵیکەیشنەکانی چات:

بە سەرەنجدان و تێبینیکردنی توێژەر ، ئەم ئەپڵیکەیشن چاتانە لەلایەن بەکارهێنەری کورد لە هەرێمی کوردستاندا زۆرتر ناسراون و لە بازاڕسازیدبەکارهێنراون ئەمانەی خوارەوەن :

**١. سناپ چات** Snapchat

یەکێکە لە ئامرازە نوێکانی میدیای نوێ دەچێتە قاڵبی ئاپڵیکەیشنەکانی چات ئامرازێکی سەرکەوتوە بۆ بازاڕسازی کەسی و تایبەتمەند بە تایبەتی کاری ئافرەتان وەکو کاری دەستی، چنین ، وێنە ، خواردن دروستکردن و مەیکەپ و چەندین بواری تر کە هاوکاریەکی زۆری ئەو ئافرەتانەی کردوە بۆ برەودان بە کارەکانیان لە ناو ماڵەکانیاندا.

**٢. تیلیگرام** Telegram

ئەپڵیکەیشنێکی چاتی خاوەن سیفەتی تایبەتە بەو مانایەی کە کەسێک بەشداری تێلیگرامەکەت ناکا ئەگەر هەمان ناوەڕۆکی تێلیگرامەکەی ئەوت نەبێ و سیفەتێکی تری سوود مەندی تێلیگرام ئەوەیە کە دەکرێت ڕیکلام لە ناوە تێلیگرامەکەت بکەی لەناو کەناڵێکی تری تێلیگرامدا و کەسانی تایبەتمەند بە یەک بوار لە کەناڵەکە بەیەکەوە کۆ دەبنەوە بۆ نمونە کەناڵێکی تێلیگرامی تایبەت بە زمانی ئینگلیزی هەیە تەنیا ئەوانە لە کەناڵەکە بەشدارن کە گرنگی دەدەن بە زمانی ئینگلیزی.

**٣.واتس ئەپڵیکەیشن** WatsApp



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

ئەپلیکەیشنێکی چات کردنە بەکارهێنەرێکی زۆری هەیە لە سەرتاسەری جیهاندا کە ژمارەی بەکارهێنەرانی دەگاتە ١.٥ ملیار کەس و ٦٠ ملیار پەیام ڕۆژانە لە ڕێگەی ئەم ئەپڵیکەیشنە ئاڵوگۆر دەکرێت یەکێک لە تەیبەتمەندییەکانی ئەم ئەپڵیکەێشنە ئەوەیە ڕیکلام تێیدا هەرزانترە بە بەراورد بە ئەپڵیکەیشنەکانی تر هەروەها گفتۆگۆی ڕاستەوخۆ لە نێوان کریار و فرۆشیاردا دەکرێت ئەمەش پرۆسەی بازارسازی ئاسانتر دەکات هەروەها ئەپڵیکەیشنێکی بەهێزە لەلایەنی پارێزراوی و پاراستنی کەسەکان لە هاککردن بە تایبەت بۆ ئەو مامەڵانەی کە پێویست بە تۆمارکردنی ژمارەی بانکی و ژمارەی کارتی پارەی ئەلیکترۆنیە.

**٤. ویچات** Wechat

ئەپڵیکەیشنێکی چاتی چینیە بەو پێیەی چین وولاتێکی بازرگانی بەهێزە پێشنیاری جۆرێک لەم ئەپڵیکەیشنە زۆر گونجاو بوو بۆیەش سوودی زۆری بەو بازرگانانە گەیاند کە مامەڵە و بازرگانیان لەگەڵ وولاتی چیندا هەیە.

**٥. فەیسبووک ماسنجەر** Facebook Messenger

ئەپڵیکەیشنێکی چات کردنی لکاوی تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووکە سودی زۆری بازاڕسازی هەیە چونکە گەر کۆمپانیا یان خاوەن کار خاوەنی ئەکاونتێکی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بی ئەوا لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی ئەپڵیکەیشنێکی چاتیشە بە ناوی ماسنجەر بەمەش کەسی خاوەن کار سوود لە هەردوو ئەپڵیکەیشنەکە دەبینێت بۆ بازاڕسازی کردن لە فەیسبووک و گروپ و لاپەڕەکان دەتوانێت سوود وەرگرێت لە ڕێگای کۆمێنت و بەشداری و لایکەوە سوود بە بازارسازی و برەودان بە کالاکانی بگەیەنێت لە ماسنجەریشدا پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بەکاربەران هەبێت لە ڕێگای ستۆریشدا دووبارە بەرهەمەکانی پێشان بدات چەند سیفاتێکی هەیە تایبەتن بە بازارسازی لەوانە : هەندێک خاڵی تایبەت بە ئەپڵیکەشنی ماسنجەر و ڕۆڵی لە سەرکەوتنی کۆمپانیا.

١. وەڵامداندوەی خێرای بەکاربەران.

٢.دانانی پەیامی ئامادەی خێرا بۆ وەڵامدان لە کاتی ئامادە نەبوون لە ناو لاپاڕەکە.

٣. دانانی پەیامی کاتی کرانەوە و داخرانی کۆمپانیا و دواتر وەڵام وەرگرتن.

**٦. ڤایبەر** Viber

ئەپڵیکەیشنێکی چات کردنی باوە لە سەرتاسەری جیهاندا و سوودی بە بواری بازارسازی و پیاوانی کار گەیاندووە بە تایبەت ئەوانەی کە لە بواری خزمەتگوزاری دا کاردەکەن بەوەی کە هەموو کات دەتوانێت بەکاربەرانی لە نوێکاری و خزمەتگوزاری نوێیەکان ئاگادار بکاتەوە لە ڕێگای گروپەکان بۆ نمونە گروپی ڤایبەری (نرخی دۆلار::بورصة اربيل) بەردەوام نرخی دۆلار وئۆنس و لیرەی تورکی و نرخی زێر لەم گروپە دادەنرێت بۆ ئاگاداری ئەو کەسانەی کە گرنگی بەم بوارە دەدەن.

**سێیەم : وێبسایت** Website

ڕوپەرێکە لە چەندین لاپەرە پێکهاتوە سودی بازارسازیەکەی ئەوەیە کۆمپانیا دەتوانێ لە چوارچێوەیەکی سنورداردا بازارسازی و برەودان بۆ کۆمپانیاکان بکات واتا خزمەت بە کیانێکی تایبەت دەکات بۆ نمونە ئەگەر



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

کۆمپانیایەک وێبسایتێکی تایبەت بۆ بازارسازی کاڵای وەرزشی هەبێت ئەوا کەسانی وەرزشی بازارسازی لەو وێبسایتەدا دەکەن و هەروەها بوونی لینک لە وێبسایتدا یارمەتیدەرە لە دۆزینەوەی وێبسایتەکان بە ئاسانی لە کاتی گەرانی کریاران بۆ کاڵا یان خزمەتگوزارییەکی تایبەتدا هەروەها دانان و دابەزاندنی ئەو ئەپڵیکەیشنە تایبەتانەی وەکو (bom bena) و(Lezzoo) کە لەسەر وێبسایت دادەنرێن و سوودێکی زۆری بازاڕسازی بە خاوەنی ئەم ئەپڵیکەیشنە خودیانە گەیاندووە.

**چوارەم: ئیمەیڵ** E-mail

ئیمەیڵ هەرچەند ڕووپەڕێکی کۆنە بەڵام چەندین ڕووپەری دیکەی نوێی داهێنا بۆهاوکاری کردنی بەکارهێنەرانی وەکو ,gmail ,Hotmailوە Outlook (*یەکەم پەیامی ئەلیکترۆنی کۆمەڵی بازرگانی لە ساڵی ١٩٧٨ نێردرا وە تا ئەمرۆش تا ساڵی ٢٠٢٠ ئیمەیل یەکێکە لە ڕووپەڕە باشترینەکان بۆ بازاڕسازی ئەلیکترۆنی (دیتور ،٢٠٢٠)

تایبەمەندی بازارسازی لە ڕێگای ئیمەیل ئەوەیە کە دەتوانی خۆت بە دوای ئەو کەسانەدا بگەڕێت کە گرنگی دەدەن بە بوارێک و شارەزای حەز گرنگی پێدانەکانیان دەبیت، گرنگترین سوودی بازارسازی لە ڕێگای ئیمەیل بۆ بەکاربەر ئەوەیە کە دەتوانێت بازاڕی بکات بۆ کاڵا لە بازارە ئەلیکترۆنیە بەناوبانگەکان وەکو بازاڕی , ebey , amazon . alibaba

# بەشی سێیەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوە

## یەکەم: ڕێکارەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەکە

دوای ئامادەکردنی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە، توێژەران بەمەبەستی دەرهێنانی ڕاستی، فۆرمەکەیان بەسەر مامۆستایانی پسپۆرو شارەزادا(*) دابەشکرد، لە ڕێگەی سەرنج و تێبینییەکانی مامۆستایانی پسپۆرەوە کە فۆرمی ڕاپرسییەکەییان هەڵسەنگاند، ئەویش بە لابردن و چاککردن و زیادکردن و پوختکردنەوەی برگەکانی فۆرمەکە بەپێی تێڕوانینی ئەوان بەباشیانزانی پرسیارەکانی فۆرمەکە بکرێت بە(٣٢)پرسیار، کە (٧)پرسیاری گشتی و(٢٥)پرسیاری تایبەت لەخۆبگرێت.

---

(*)ناوی شارەزایان و پسپۆرانی هەڵسەنگاندنی فۆرمی ڕاپێوی:

1.پ.ی.د.هێرش ڕەسول/ زانکۆی پۆلتەکنیکی سلێمانی/ بەشی پەیوەندییە گشتیەکان و بازارگەری.

2.پ.ی.د.حەبیب مال الله إبراهیم/ زانکۆی دۆرتمۆند لە وولاتی ئەڵمانیا/ بەشی ڕاگەیاندن.

3.پ.ی.د.ڕزگار مەغدید ئەحمەد/ زانکۆی سەلآحەدین/ بەشی ئامار.

4.پ.ی.د.ئاراز رمضان احمد/ زانکۆی ڕاپەڕین/ بەڕیوەبەرایەتی ڕاگەیاندن.

5.پ.ی.د.سامی صابرعبدلله/ زانکۆی سەلآحەدین/ بەشی کارگێری بازاڕگەری.

6.پ.ی.د.مەغدید خضر ئەحمەد/ زانکۆی سەلآحەدین/ بەشی ڕاگەیاندن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

## دووەم: شیکردنەوە و خستنەڕووی زانیارییەکانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، پاش ئەوەی توێژەران هەستان بەدابەشکردنی (٢٥٠) فۆرم بەسەر سامپڵی لێتوێژراودا لە شاری هەولێر، لەو ژمارەیە تەنها (٢٢٦)فۆرممان بەدەستگەیشتەوە و لە فۆرمە گەڕاوەکانیانیش تەنها (٢٠٠) فۆرم شیاوی شیکاربوون. پاش کۆکردنەوەی داتاکان و شەنوکەوکردنیان، توێژەران بەم ئەنجامانە گەیشتن:

## یەکەم:خاسیەتی کۆمەڵایەتی سامپڵی توێژینەوەکە

یەکێک لەو فاکتەرانەی کە کاریگەرییان لەسەر بازاڕسازی هەیە بریتییە لە خاسیەتە کۆمەڵایەتییەکانی وەک: ڕەگەز، ئاستی خوێندن،ئاستی زانیاری، بۆیە یەکێکە لەو بوارانەی کە توێژەران لە فۆرمی ڕاپرسییەکەدا ئاراستەی بەرتوێژەکانیان کردووە بریتییە لەم گۆڕاوانە، هەروەها ڕێژەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ و هۆکاری بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە لایەن کارمەندانی بواری بازاڕسازی بە داتا ڕوونکراوەتەوە و ئەنجامی ئەو داتاو زانیاریانەش لە خشتەی (1)و (2)و(٣) دا خراونەتەڕوو.

**خشتەی(1) دابەشبوونی سامپڵی توێژینەوە بەپێی ڕەگەز**

| ڕەگەز | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | 129 | 64.5% |
| مێ | 71 | 35.5% |
| کۆی گشتی | 200 | 100 |

لەم خشـــتەیە ڕەگەزی لێتوێژراوی توێژینەوە روون دەکـاتەوە،ڕەگەزی نێر لەلێتوێژراوی توێژینەوە بە ڕێژەی (64.5%)بە پلەی یەکەم هـاتووە بە (129)دووبـارەبوونەوە و ڕەگەزی مێ بە ڕێژەی (35.5%) بە پلەی دووەم هاتووە بە بە (71)دووبارەبوونەوە. لێرەوە روون دەبێتەوە کە زۆرینەی کارمەندانی بواری بازارسـازی لە کۆمپانیا بازارسازییەکان لە رەگەزی نێرن.

**خشتەی(٢) دابەشبوونی سامپڵی توێژینەوە بەپێی ئاستی خوێندن**

| دەستەواژە | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بنەڕەتی | 21 | 10.5 |
| ئامادەیی | 45 | 22.5% |
| دبلۆم | 32 | 16.0% |
| بەکالۆریۆس | 92 | 46.0% |
| دبلۆمی باڵا | 2 | 1.0% |
| ماستەر | 8 | 4.0% |
| دکتۆرا | 0 | 0.0% |
| کۆی گشتی | 200 | 100 |


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

لەم خشـــتەیەدا ئاماژە بە ئاســـتی خوێندنی لێتوێژراوان كراوە كە، بەكالۆریۆس لە پلەی یەكەمدایە بە ڕێژەی (46.0%)بە دووبارەبوونەوەی (92) و هەروەها ئاستی خوێندنی ئامادەیی بە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی (22.5%) بە دووباره بوونەوەی (45) و ئاســـتی خوێندنی دبلۆم بە پلەی ســـێیەم دێت بە ڕێژەی (16.0%)بە دووبارە بوونەوەی (32) هەروەها ئاســـتی خوێندنی بنەڕەتی بە پلەی چوارەم دێت بە ڕێژەی (10.5% ) بە دووبارە بوونەوەی (21)، ئاستی خوێندنی ماستەر لە پلەی پێنجەمدایە بە ڕێژەی (4.0%) بە دووبارەبوونەوەی (8) هەروەها ئاســـتی خوێندنی دبلۆمی باڵا لە كۆتا پلەبەندییەكەدایە بە ڕێژەی (1.0%) بە دووبارەبوونەوەی (2) هەروەها خاوەن بڕوانامەی دكتۆرا ڕێژەكەی (0.0%) لێرەوە بۆمان دەردەكەوێت كە زۆربەی كارمەندانی بواری بازارســازی خاوەن بڕوانامەی بەكالۆریۆســـن و لە بەرزترین ڕێژەدایە و ئاســـتی خوێندنی دبلۆمی باڵا لە نزمترین ڕێژەدایە لە ڕاپرســـیەكەدا و هەروەها ئاســـتی خوێندنی دكتۆرا ســـفرە،ئەمە مانای وایە كە بەشـــی بازاڕســـازی یان كۆمپانیا بازاڕسازییەكان لە لایەن كەسانی خاوەن بڕوانامە و كەسانی شارەزا بەڕێوەدەبرێن.

**خشتەی(٣) دابەشبوونی سامپڵی توێژینەوە بەپێی ئاستی زانیاری لەبەكارهێنانی ئامرازوفۆرمەكانی میدیای نوێ**

| ئاست | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| زۆر باش | 103 | 51.5% |
| باش | 85 | 42.5% |
| نازانم | 2 | 1.0% |
| خراپ | 10 | 5.0% |
| زۆر خراپ | 0 | 0.0% |
| كۆی گشتی | 200 | 100 |

ئەم خشتەیە ئەوە ڕوون دەكاتەوە كە ئاستی زانیاری لێتوێژراوان لە ئاستێكی زۆر باشدایە بە ڕیژەی (51.5%) بە دووبارە بوونەوەی 103لە ڕیزبەندی یەكەمدایە و هەروەها ئاستی زانیاری لێتوێژراوان بە ئاستی باشە لە ڕیزبەندی دووەمدایە بە ڕیژەی (42.5%) بە دووبارە بوونەوەی 85 و ئاستی زانیاری لێتوێژراوان بە ئاستی خراپ لە ڕیزبەندی سێیەمدایە بە ڕیژەی (5.0%)بە دووبارە بوونەوەی 10 هەروەها ئاستی زانیاری لێتوێژراوان لە ئاستی نازانم لە ڕیزبەندی چوارەمدایە بە ڕێژەی (1.0) بە دووبارەبوونەوەی 2 .

لەم خشتەیە بۆمان ڕووندەبێتەوە كە، ئاستی زانیاری كارمەندانی بواری بازاڕسازی لە ئاستێكی زۆر باشدایە ئەمەش ڕۆڵێكی گرنگی هەیە لە بەڕێوەبردنی كۆمپانیا بازاڕسازییەكان بە بەكارهێنانی ئامرازەكانی میدیای نوێ و ئاسانكاریش بۆ بەكاربەران.

**دووەم:** بە مەبەستی وەڵامدانەوەی بەشێك لەو پرسیارانەی لەم توێژینەوەدا ئاڕاستە كراون و بەتایبەتی بەكارهێنانی ئامرازو فۆرمەكانی میدیای نوێ لە پرۆسەی بازارسازیدا و سوود وەرگرتن لێیان بۆ ئەم مەبەستە توێژەران لە فۆرمی ڕاپرسیدا جەختیان لەسەر ئەم لایەنانە كردۆتەوە لە ڕێگای ئاراستەكردنی چەند پرسیارێكەوە كە دەرئەنجامی وەڵامدانەوە لە ڕێگای خشتەكانی دواترەوە ڕوون كراوەتەوە بەم شێوەیە:


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

**خشتەی (٤) پلەبەندی بەکارهێنانی فۆرم و ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ پرۆسەی بازاڕسازی**

| فۆرمەکانی میدیای نوێ | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| پۆستی سۆشیال میدیا وەکو فەیسبووک، ئینستاگرام و سناپ چات و تیکتۆک | 173 | %35.4 |
| ئەپڵیکەیشن چاتەکانی وەک ڤایبەر، واتسئاپ، تیلیگرام و ویچات و ئیمۆ | 105 | %21.5 |
| ئیمەیڵ یاخود مەیڵ گروپ | 77 | %15.7 |
| گروپ یاخود پەیجی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان | 61 | %12.5 |
| وێبسایت و بلۆگ | 41 | %8.4 |
| یوتیوب | 32 | %6.5 |
| **کۆی گشتی** | 489 | %100.0 |

لەم خشـــتەیەدا بەکارهێنانی ئامرازە جیاوازەکانی میدیای نوێ بە پێی پلەبەندی لە لایەن لێتوێژراوی توێژینەوە جیاکراوەتەوە ، بەپێی ئەم خشتەیە پۆستی سۆشیال میدیا وەکو فەیسبووک، ئینستاگرام و سناپ چات و تیکتۆک زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی تۆمارکردووە بە ڕێژەی (35.04%)ە و بە دووبارە بوونەوەی (173)ە، هەروەها ئەپڵیکەیشن چاتەکانی وەک ڤایبەر، واتسئاپ، تیلیگرام و ویچات و ئیمۆ بەپلەی دووەم دێن ڕێژەی بەکارهێنانیان بۆ کاری بازاڕسازی بەڕێژەی(21.5%) هاتووە بە دووبارە بوونەوەی (105) لێتوێژراوی توێژینەوە ، شێوازەکانی دیکەی ئامرازەکانی میدیای نوێ وەکو ئیمەیڵ یاخود مەیڵ گروپ لە بەکارهێنانیان بۆ کاری بازاڕسازی لەریزبەندی سێیەمدایە و ڕێژەی بەکارهێنانەکەی(15.7%)یە، بە دووبارە بوونەوەی (77)ە، لە ناوەڕۆکی تۆڕی کۆمەڵایەتیەکان گروپ یاخود پەیجی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان

چوارەمین پلەی بەکارهێنانی تۆمار کردووە لەلایەن لێتوێژراوانەوە و بەڕێژەی(12.5%) هاتووە، بە دووبارە بوونەوەی (61 )ە، وێبسایت و بلۆگ لە ریزبەندی پێنجەمدایە کە لە لایەن لێتوێژراوی توێژینەوەکە بەکاربێت بۆ کاری بازاڕسازی وڕێژەی بەکارهێنانەکەشی(8.4%)یە، بە دووبارە بوونەوەی ( 41 )ی لێتوێژراوانی توێژینەوەکە، هەروەها تۆڕی کۆمەڵایەتی یوتیوب

بەپلەی شەشەم دێت لەبەکارهێناندا بۆ کاری بازاڕسازی کە پلەی بەکارهێنانەکەی(6.5%)یە، بە دووبارە بوونەوەی (32 ).

بە سەرنجدان لە ئەنجامی ئەم خشتەیە روون دەبێتەوە، پۆستی سۆشیال میدیا وەکو فەیسبووک، ئینستاگرام و سناپ چات و تیکتۆک بەربڵاوترین ئامرازی بەکارهاتووی میدیای نوێیە بۆ کاری بازاڕسازی کە ئەمەش بەهۆی ئاسانی بەکارهێنانی لەلایەن وزۆرینەی کۆمەڵگەو لە لایەن هەردوو ڕەگەز و زۆربەی تەمەنەکان بەکاردێت ،هەروەها یوتیوب کەمترین بەکارهێنانی هەیە لەپرۆسەی بازاڕسازیدا ئەمەش ڕەنگە بەهۆی ئەوەوەبێت، کە ئامادەکردنی ڤیدیۆیەک بۆ پرۆسەی بازاڕسازی شارەزاییەکی زیاتری بوێت بۆ کاری بازاڕسازی لە ئەپڵیکەیشن چاتەکان ڤایبەر لە پلەی یەکەمدا دێت بۆ بازاڕسازی و تیلیگرام کەمترین بەکارهێنەری هەیە ئەمەش بەهۆی بەربڵاوی و ئاشنایەتی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

خەڵک بە ئەپی ڤایبەر، وایکردووە کە سامپڵی توێژینەوەکە پێیان وایە سەرکەوتووترە لەپرۆسەی بازاڕسازییداو ئەپی تیلیگرامیش بەهۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی کەمتر لە بەکارهێنەران پێی ئاشنان بەکاریدەهێنن بۆیە بەکارهێنانی زۆر سەرکەوتوو نییە لەپرۆسەی بازاڕسازیدا. هەروەها سەبارەت بە ڕۆڵی فۆرمەکانی دیکەی میدیای نوێ وێبسایت بەپلەی یەکەم دێت و بلۆگ لە پلەی کۆتاییدا دێت چونکە بلۆگ لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە گرنگی پێنادرێت و خەڵک زانیاریان لەبارەیەوە نییە.

**خشتەی(٥) ڕێژەی لەباری بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ بازاڕسازی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان ڕووندەکاتەوە**

| هیچ هاوڕانیم | | هاوڕانیم | | نازانم | | هاوڕام | | زۆر هاوڕام | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی سەدی هاوڕابوون% |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | | |
| 1 | 0.5% | 13 | 6.5% | 13 | 6.5% | 130 | 65.0% | 43 | 21.5% | 4.01 | 0.77 | 80.10% |

لە خشتەی (٥)دا دەردەکەوێت کەوا ڕێژەی (65.0%)ی لێتوێژراوان هاوڕان لەگەڵ ئەوەی کە ئامرازەکانی میدیای نوێ لەبارە بۆ بازاڕسازی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان بەرزترین ڕێژەیە و بە پلەی یەکەم هاتووە، هەروەها ڕێژەی (21.5%)ی لێتوێژراوان زۆر هاوڕان لەگەڵ ئەوەی کە ئامرازەکانی میدیای نوێ لەبارە بۆ بازاڕسازی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان و بە پلەی دووەم دێت، وە ئەو لێتوێژراوانەی کە نازانن و یاخود هاوڕانین لەگەڵ ئەم برگەیە بە پلەی سێیەم و چوارەم دێن بە ڕێژەی (6.5%) و (6.5%) وە ئەو لێتوێژراوانەی کە هیچ هاوڕا نین کە ئامرازەکانی میدیای نوێ لەباربێت بۆ بازاڕسازی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لە کۆتایی ڕیزبەندییەکەدان بە ڕێژەی (0.5%) لێرەدا ڕێژەی سەدی هاوڕابوون بریتیە لە (80.10%)و بە ناوەندی ژمێرەیی (4.5)و لادانی پێوانەیی (0.77)یە ، لە ئەنجامی ئەم داتایانەی سەرەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە زۆربەی کارمەندانی بواری بازاڕسازی پێیان وایە کە ئامرازەکانی میدیای نوێ لەبارە بۆ بازاڕسازی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان و سوودی بۆ ئەو کۆمپانیایانە هەبووە.

**خشتەی (٦)شیکردنەوەی پەیوەندی(Correlation Analysis) نێوان گۆڕاوە بنەڕەتییەکانی توێژینەوەکە**

| بازارسازی بۆ کالا و خزمەتگوزارییەکان | پەیوەندی نێوان ئامرازەکاني میدیای نوێ و بازارسازی بۆ کاڵاو خزمةتگوزاريەکان | ئامرازەکانی میدیای نوێ |
|---|---|---|
| Pearson Correlation | | 0.207** |
| Sig. (2-tailed) | | 0.003 |
| N | | 200 |


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

****. Correlation is significant at the 0.01 level (2-tailed).**

بەپێی ئەو ئەنجامەی کە لەخشتەی (٦) دەردەکەوێت پەیوەندی نێوان(X)،(Y)(ئامرازەکانی میدیای نوێ وبازارسازی بۆ کاڵاو خزمەتگوزاریەکان) پەیوەندییەکی ڕاستەوانە و بەهاداری ئامارییە پشت بەستن بە ئەنجامی پەیوەندی نێوانیان بەبەکارهێنانی یاسای(**پیرسۆن**) بۆ پەیوەندی کە یەکسانە بە (0.207**) و بەبەهای ئەگەری (0.003) کە بچوکترە لە ئاستی کاریگەری(هەڵەی ڕێپێدراو) (0.05%) واتە پەیوەندییەکی بەهاداری ئاماری ڕاستەوانە هەیە لە نێوان ئامرازەکانی میدیای نوێ و بازارسازی بۆ کاڵا و خزمەتگوزارییەکان.

**خشتەی (٧)شیکردنەوەی کاریگەری لاریRegression Analysis گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە دیاری دەکات**

**Model Summary**

| Std. Error of the Estimate | Adjusted R Square | R Square | R | Model |
|---|---|---|---|---|
| 0.75943 | 0.038 | 0.043 | .207[a] | 1 |

a. Predictors: (Constant), ئامرازەکانی میدیای نوێ

**ANOVA[a]**

| Sig. | F | Mean Square | Df | Sum of Squares | Model | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| .003[b] | 8.845 | 5.101 | 1 | 5.101 | Regression | 1 |
| | | 0.577 | 198 | 114.193 | Residual | |
| | | | 199 | 119.294 | Total | |

a. Dependent Variable: بازارسازی.کالا

b. Predictors: (Constant), ئامرازەکانی.میدیای.نوێ

**Coefficients[a]**

| Sig. | T | Standardized Coefficients | Unstandardized Coefficients | | Model | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | Beta | Std. Error | B | | |
| 0.000 | 20.720 | | 0.320 | 6.638 | (Constant) | 1 |
| 0.003 | 2.974 | 0.207 | 0.072 | 0.213 | ئامرازەکانی میدیای نوێ | |

a. Dependent Variable: بازارسازی.کالا

بە پێی ئەو ئەنجامەی کە لە خشتەی (٧) دەردەکەوێت کە کاریگەری (ئامرازەکانی میدیای نوێ ) لەسەر (بازارسازی بۆ کاڵاو خزمەتگوزاریەکان) کاریگەریەکی بەهاداری ئامارییە بەپێی ئەو ئەنجامانەی کە لە خشتەی سەرەوەدا ڕوونکراوەتەوە، لە خشتەی (Model Summary) نرخی($R^2$=4.3%) کە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە لە (4.3%) ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە(بازارسازی بۆ کاڵاو خزمەتگوزاریەکان) ڕوودەدات دەگەڕێتەوە بۆ (ئامرازەکانی میدیای نوێ).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

لەخشتەی (ANOVA) دەردەکەوێت کە مۆدێلی خەڵمێنراو بە شێوەیەکی گشتی مۆدێلێکی کاریگەری ئامارییە بە بەهای (F–test=8.845) بە بەهای ئەگەری (0.003) کە بچوکترە لە ئاستی کاریگەری(هەڵەی ڕێپێدراو) (0.05).

لە خشتەی (Coefficients) مۆدێلی کاریگەری خەڵمێنراوی (ئامرازەکانی میدیای نوێ ) لەسەر(بازاڕسازی بۆ کاڵاو خزمەتگوزارییەکان) کە دەتوانین بەو هاوکێشەیە بینووسین.

Y=6.638+0.213*X

Y=(بازاڕسازی بۆ کاڵاو خزمەتگوزارییەکان)

X=(ئامرازەکانی میدیای نوێ)

واتە بڕی کاریگەری (ئامرازەکانی میدیای نوێ ) لەسەر (بازارسازی بۆ کاڵاو خزمەتگوزارییەکان) یەکسانە بە (0.213) واتە ئەگەر (ئامرازەکانی میدیای نوێ ) بە یەک یەکە بگۆڕدرێت ئەوا (بازاڕسازی بۆ کاڵاو خزموتگوزارییەکان) بە بڕی (0.203) دەگۆردرێت، ئەم کاریگەریەش کاریگەرییەکی بەهاداری ئامارییە (t–test=2.974) بە بەهای ئەگەری (0.003)کە بچووکترە لە ئاستی کاریگەری (هەڵەی ڕێپێدراو) (0.05).

## دەرئەنجامەکان

دوای کۆکردنەوەو خستنەڕووی داتاو زانیارییەکان و شیکردنەوەی خشتەکانی توێژینەوەکە لەکۆتایی توێژینەوەکە توێژەران بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە گەیشتن:

١_هونەری بازاڕسازی لە فۆڕمەکانی میدیای نوێدا جیاوازە، ئەمەش بەهۆی سروشت و تەکنیکەکانی فۆڕمەکانی میدیای نوێ و شێواز و ژمارەی بەکارهێنانی لەلایەن بەشداربووەکانیەوە.

٢_ لێتوێژراوان بە پلەی یەکەم فەیسبووک بەکاردێنن لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بۆ بازاڕسازی ئەمەش پێدەچێت ئۆپشنەکانی بەکارهێنانی فەیسبووک ئاسانتر بێت بۆ بازاڕسازی و یوتیوب کەمترین بەکارهێنەری هەیە لێرەدا دیارە ئامادەکردنی ڤیدیۆیەک گرانترە بۆ ئامادەکردن و بەکارهێنانیشی بۆ بازارسازی وە لە ئەپڵیکەیشن چاتەکان ڤایبەر لە پلەی یەکەمینە بۆ بازاڕسازی و تیلیگرام کەمترین بەکارهێنەری هەیە لە نێوان لێتوێژراوانی توێژینەوە ئەمەش بە هۆی خاسیەتی ئاسانی و بەربڵاوی زۆری ڤایبەرە کە لێتوێژراوان زیاتر بۆ کاری بازاڕسازی بەکاریدەهێنن بەڵام تیلیگرام بەهۆی خاسیەتی کە تەنها کەسانێک تێیدا بەشدار دەبن کە گرنگی دەدەن بە یەک بوار بۆیەلە بازاڕسازیدا ڕۆڵی لاوازە و هەروەها لە شێوازەکانی تر وێبسایت یەکەمین بەکارهێنەری هەیە و بلۆگ کەمترین بەکارهێنەری هەیە چونکە بلۆگ لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە گرنگی پێنادرێت و خەلک زانیاریان لەبارەیەوە نیە.

٣_زۆرینەی لێتوێژراوان ئامرازەکانی میدیای نوێ بەکاردێنن بە ڕێژەی جیاواز و لە هەردوو ڕەگەزدا.

٤_ زۆربەی کارمەندانی بواری بازارسازی خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆسن و لە بەرزترین ڕێژەدایە ئەمەش ئاستێکی گونجاوە و مانای وایە کە کۆمپانیاکانی بواری بازاڕسازی لەلایەن کەسانی پسپۆر بەڕێوە دەبرێن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

٥_زۆرینەی لێتوێژراوان زانیاریان هەیە لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ پڕۆسەی بازاڕسازی بە ئاستی جیاواز.

٦_هۆکاری بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە لایەن زۆرینەی لێتوێژراوان ئەوەیە کە ئامرازەکانی میدیای نوێ لەبارە بۆ بازاڕسازی کالاو خزمەتگوزارییەکان لە کۆمپانیا بازاڕسازییەکان لە هەرێمی کوردستاندا هەروەها ئامرازەکانی میدیای نوێ هۆکارە بۆ سەرکەوتنی پڕۆسەی بازارسازی ئەلیکترۆنی بۆ کالاو خزمەتگوزارییەکان.

## پێشنیارەکان

لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەران چەند راسپاردەو پێشنیارێک دەخەنەڕوو:

١_ بۆ زیاتر بایەخدان بە بازاڕسازی لە ڕێگای ئامراز و فۆڕمەکانی میدیای نوێ پێشنیار دەکەین بایەخ بدرێت بە بەشداری پێکردنی کارمەندانی بازاڕسازی لە خولی ڕاهێنان و وۆرک شۆپ بە هەماهەنگی لەگەڵ بەشەکانی راگەیاندن و بازاڕسای لە زانکۆ پەیمانگاکان بۆ ئاشناکردن و شارەزاکردنیان بە شێوازەکانی بازاڕسازی لە ڕێگای لە ئامراز و فۆرمەکانی میدیای نوێ.

٢_پێشنیاردەکەین کە بابەتی بازارسازی لە ڕێگای فۆمەکانی میدیای نوێوە بخرێتە پرۆگرامی خوێندنەوە لە بەشەکانی راگەیاندن و کارگێری کار دا.

٣_ پێشنیاردەکەین کارمەندانی بواری بازاڕسازی سروشت و تایبەتمەندی هەر پلاتفۆرمکی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە هەند وەربگرن لە دانانی ستراتیژیەتی بازارسازی بۆ کالا و خزمەتگوزارییەکانیان.

٤_ پێشنیاردەکەین توێژینەوەی ووردتر و فراوانتر بکرێت لە بواری بازاڕسازی لە ئامرازەکانی میدیای نوێدا.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

# The Role of New Media Tools in Marketing for Goods and Services

**Parwa Omer Mahmud**

Department of Media, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**E-mail:** perwa.umer@yahoo.com

**Hardwan Mahmud Kaka Shekh**

Department of Media, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**E-mail:** hardawan@su.edu.krd

**Abstract:**

This research is an attempt to determine the role of new media tools in marketing for goods and services through a sample of marketing companies for goods and services. This research refers to the way marketing and electronic marketing equipment are used, and the most used marketing tools in the Kurdistan Region are.

The most important outcomes researchers have received are the art of marketing in new media forms, due to the nature and technique of new media forms and the number of use by participants. According to the majority of Facebook research samples, it comes in the first rank in the marketing process for services and this seems to be because the number of Facebook users is higher than any other network Facebook's options and usage options are also easier to market and the YouTweed social network has the least use in the marketing process, which may be because of it, which would make it more skilled to prepare a video for the marketing process. In the app chats, Viber comes first to marketing and telegram has the least users, and this is because of the wide and familiarity of people with App Viber, which the research samples believe It is more successful in the marketing process and the app ity of the architecture is because a small number of users are familiar with it, so it is not very successful in the marketing process. Also, about the role of new media forms, the website comes in the first place and the blog comes in the rank of co-coordinator because the blog in the research community is not cared for and people don't have information about it.

**Keywords:** New Media, New Media Tools, Marketing, Marketing in New Media Tools, Goods, Services.

# سەرچاوەکان


پ.ی.د.نەزاکەت حسین حەمەسەعید،(٢٠٢٠)،بازاڕگەری و بازاڕگەری میدیایی،سلیمانی، چاپخانەی کارۆ.

هەردەوان محمود کاکەشێخ،(٢٠١٥)، میدیای نوێ و کاریگەرییەکانی،سلیمانی،چاپخانەی کوردستان

بخوش ايمان, مرزقي حسام الدين.(٢٠٠٩) الويب 2.0 الاشبكات الاجتماعية و الاعلام الجديد.

د حميد طائي, ا.د محمود الصــــميدعي د.بشـــير العلاق , م.ايهاب علي القرم.(٢٠٠٥) الاســـس العلمية للتســـويق الحديث مدخل شـــامل . الجزائر:دار اليازوري

د.احمد بدر،(٢٠١٤) اصول البحث العلمي و مناهجه. الدوحة: المكتبة الاكادميةabcd

د.اياد عبدالفتاح النسـور و د.عبدالرحمن عبدالله الصـغير. (٢٠١٤)قضـايا ة تطبيقات تسـويقية معصـاصـرة . الرياض : دار صـفاء للنشـر و التوزيع.

د.شرين أبو وردة.(٢٠١٦)التسويق المستندام . مصر : دار تنوير للنشر و التوزيع.

د.محمد خليل الرفاعى.(٢٠١١) دور الاعلام فى العصر الرقمى فى القيم الاسرة العربيه . دمشق : مجله العربيه الدمشق.

دكتور سعيد البطوطي. (٢٠١٢)التسويق السياحي. مصر : المكتبة انجلو المصرية .

رولا عبدالرحمن الجمل.(٢٠٠٩). الاعلام الجديد :التكنولوجيا جديدة:العالم الجديد. مملكة البحرين: ابحاث المؤتمر الدولي,جامعة البحرين.

د.زكريا احمد عزام،د.عبدالباسط حسونه،د.مصطفى سعيد. (٢٠٠٩)مبادئ التسويق الحديث بين النظرية و التطبيق. عمان: دار الميسرة.

نبيل الحورة.(٢٠١٥) اتجاهات الاساتذة الجامعيين الجزائريين نحو دور الاعلام الجديد في التشغيل الوعي المعلوماتي. مصر.

مجدوب نوال. (٢٠١٦_٢٠١٧)الحماية الجنائية و الادارية للمستهلك في العملية التسويق . الجزائر : جامعة ابوبكر بلقايد-تلمسان.




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

وصول ديجيتال اكاديمى.(٢٠٢٠/٣/٢١) تاريخ الوصول(٢٠٢٠/١٠/٢٥) فى موقع wusol https://www.wusol.ne

شبل, محمد. (٢٠٢٠/٣/١٠)تاريخ الوصول (٢٠٢٠/٦/٩) فى موقع aldefaaalarabi

http://www.aldefaaalarabi.com

عبدالقادر، شوا.(٢٠٢٠/٢/٢٥) تاريخ الوصول (٢٠٢٠/٦/٩) فى موقع abdulkadershawa

https://www.abdulkadershawa.com

٤.نعمة، محمود.(٢٠١٩/٩/٢) تاريخ وصول (٢٠٢٠/٦/٩) فى موقع akwadna

https://akwadna.com

Hardwick, J.(18,5,2020) Retrieved 11,6,2020 from ahrefs bloge

https://ahrefs.com/blog/what-is-seo.

Matisse,M.( 23,11,2019) Retrieved 9,6,2020 from matisse

https://matissedm.com